میسی دەگەڕێتەوە بەرشەلۆنە



میسی ئامانجی ئەوەیە بگەڕێتەوە بەرشەلۆنە لە داهاتوودا و لەو یانەیە واز لە یاریکردن بهێنێت.

ئەلەکس کاندالی رۆژنامەنوس لە کەناڵی دی سپۆرت باویکردووە، لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی و ئەستای ئینتەر میامی ئامانجی ئەوەیە بگەڕێتەوە یانە دڵخوازەکەی کە بەرشەلۆنەیە.

ئەو رۆژنامەنوسە ئاشکرایکردووە، ئەستێرە ئەرجەنتینیەکە ناتوانێت بە یەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێت تا ئەو ساتەی لە یاریگای نوێی کامپ نۆدا یاری نەکات وەک یاریزانی یانەی بەرشەلۆنە.

دڵنیایی بابەتی گواستنەوەی میسی بە یانە کەتەلانییەکە لە ماوەیەکی نزیکدا روودەدات بەتایبەت دوای تەواوبوونی ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئینتەر میامی کە کۆتایی ئەمساڵە.

ئەلیکس کاندال یەکەم رۆژنامەنووس بوو کە باویکردووە لیۆنێل میسی پەیوەندی بە یانەی ئینتەر میامیەوە دەکات و هەواڵەکەشی راست دەرچوو.

میسی لە رابردووەدا 778 یاری بە درەسی یانەی بەرشەلانەوە ئەنجامداوە و 672 گۆڵی بۆ تۆمارکردووە کە گۆڵکاری مۆژوویی یانەکەیە، 35 نازناوێشی لەگەڵدا بەدەستهێناوە.